# یەکگرتویی ئیسلامی بۆ خۆی لەکورد جیاکردەوە ..!؟

## عارف قوربانی / کەرکوك

رەنگە زۆرینەمان کۆك بین لەسەرئەوەی بۆهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆدیموکراسی و بۆکوردیش واباش بوو زۆرترین لیستی جیاواز و ناکۆك بچونایەتە هەڵبژاردن و ناوپەرلەمانەوە ... چونکە پەرلەمانی کوردستان هەرخۆمانین تاکوتلەی زیاترو دەنگی جیاوازی زیاتری تیابێت بەدڵنیاییەوە پرۆژەی باشتری بەرهەم دەهێناو زەمانەتی دیموکراسی زیاتر دەبوو چ لەناوپەرلەمان و چ لەدەرەوەی پەرلەمانیشدا .. بۆنمونە ئەگەر یەکگرتوی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەك کوتلەیەکی سەربەخۆ بچوایەتە مونافەسەی پارتی و یەکێتییەوە رەنگە بۆ مسۆگەرکردنی رای جیاواز لەپەرلەماندا سەدان کەس لەدەرەوەی یەکگرتوو لەکادیرەکانی یەکگرتوو زیاتر کاریان بۆ سەرکەوتنی کوتلەی یەکگرتوو بکردایا ،

بەڵام دڵنیام هەمووکوردێکی ژیرو دڵسۆزیش رای وایە بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق کورد بەیەك لیست و یەك گروپ بچێتە هەڵبژاردنەوە .. چونکە لەمەیاندا کورد تا پارچەپارچە بێت غەدری زۆرتری لێدەکرێت .. لەبەرئەوەی لای هەمومان روونە نەیارمان لەپەرلەمانی عیراق زۆرەو لەم هەڵبژاردنەیشدا زۆرتردەبن ، لەدەستوریشدا بەدەر لەوەی مەترسی لەسەرئەوانەش هەیە کەچەسپێندراون چونکە کورد پێویستی بەهێزێکی کاریگەرهەیە لەبەغدا بۆجێبەجێکردنی هەموو ئەوبەندو بڕگانەی لەدەستوردان و زیاترلەچل مادەش هێڵدراونەتەوە تاپەرلەمانی داهاتوی عیراق قانونیان بۆ دەربکات .. کەواتا ئەگەر کورد لەبەغدا پایەیەکی گرنگی نەبێ ئەوە هەموو ئەویاسایانەی دەردەکرێن دژی خواستەکانی کورد دەبن ، بۆیە ئەرکی گرنگی ئەم قۆناغەمان ئەوەیە هەمومان پێکەوە بەیەکگرتوییەوە بچینە بەغداو پێکەوە خەباتبکەین بۆئەوەی بەرلەهەرشت مەسەلەی کەرکوك چارەسەربکەین کەدەرفەتێکی ترمان بۆ ڕەخساوەتەوە کاربکەین بۆئاساییکردنەوەی و گەڕانەوەی بۆسەرئیدارەی هەرێمی کوردستان کەکورد خوێنی زۆری بۆڕشتوەو لەداهاتویشدا ناتوانێ دەستبەرداری بێت ئەگەر لەسەرحسابی لەدەستچونی بەدەستهاتووەکانیش بێت... بەڵام هەردرزو کەلێنێك لەماڵی کورددا لەبەغدا زەرەرو زیانی گەورە بەداهاتوی میللەتەکەمان دەگەیەنێ و بەتایبەتیش چارەنوسی کەرکوك دەخاتە مەترسیەوە .. بۆیە ئەم خۆجیاکردنەوەیەیی یەکگرتوی ئیسلامی هەڵوەستەی پێویستەو دەمانخاتە بەردەم ئەوپرسیارەوە کەئایا خۆجیاکردنەوەی یەکگرتوو خزمەت بەکێ دەکات .!؟ قازانج بەکورد دەگەیەنێ کەهەموان موتەفیقین لەسەرئەوەی کەمبونەوەی یەك دەنگی کورد، کەمبونەوەی یاخود لەدەستچونی خواستێکی نەتەوەییمانە ..! ئەی کە خۆجیاکردنەوەی یەکگرتوی ئیسلامی قازانج بەکورد نەگەیەنێ لەقازانجی کێدایە ..!؟ چەند دوژمنانی کورد سود لەو درزخستنەماڵەی کورد وەردەگرن ..!؟ ئەی یەکگرتوو بۆخزمەتی کێ لەم کاتە ناسك وهەستیارەدا درز دەخاتە نێو ماڵی کوردەوە ..!؟ لەکاتێکدا هەموان دەزانین کورد چەند زەرەرمەند بوون لەدووبەرەکی نێوان کوردخۆی و دوژمنانمان چەند قازانجیان لەو کەلێنانە وەرگرت .. بۆیە جێی پرسیارە لەکاتێکدا شعورێکی نەتەوەیی هەیە کە پێویستە هەموو هێزەکوردییەکان وزەو تواناکانیان یەکبخەن لەبەرانبەر ئەوهەڕەشەو مەترسیانەی نەیارەکانمان خستویانەتە سەرمان .. کەچی هێزێك دێت و قەیرانێك دروستدەکات ، درزێك دەخاتە نێوان یەکێتی نێوانمانەوە ..! ئایا ئەم هەڵوێستەی یەکگرتووی ئیسلامی نامانباتەوە بۆ ئەوپرسیارانەی لەسەرەتای دروستبونی یەکگرتوی ئیسلامیدا لەسەریان هەبوو کەهێزە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب

**لەپشتی دروستبونی یەکگرتوی ئیسلامی و گەشەکردنیانەوە بوون بۆ لاوازکردنی هەرهێزێك کەپێیان وابێ مەترسییە بۆ سەر عرووبە ..! ئایا ئەوەی ئێستای یەکگرتووی ئیسلامی دەیکات بەشێوەیەکی راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ ناچێتە خزمەتی دوژمنانی کوردەوە ، ئایا یەکگرتوو ناگەڕێنێتەوە ئەوقۆناغەی گومانیان لەسەربوو کەدروستکراوی ناسیۆنالیزمی عەرەبن بۆلێدانی بزوتنەوەی کوردی ..!؟ پێویست بوو یەکگرتوی ئیسلامی بەرلەوەی ئەوبڕیارە پەلەیەی بدایا بیرێکی لەوپرسیارانەیش بکردایەتەوە ...چونکە ئەگەر یەکگرتوو بەتەوجیهی نەیارانی کوردو بۆخواستی نەیارانمان ئەم بڕیارەی نەدایا ، ئەوە لەبەرخاتری کورد بۆپەرلەمانی کوردستان خۆی جیادەکردەوە ...**